السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# کاتێک ئایەتی خێرکردن دابەزی؛ کۆڵەبارمان لەسەر پشتمان هەڵدەگرت، پیاوێک هات وشتێکی زۆری کردە خێر، ووتیان: بۆ ڕیایە، وپیاوێکی دیکە هات وهێندەی مشتێکی هەردوو دەستی کردە خێر، ووتیان: خوای گەورە پێویستی بەم مشتە نییە !! (پاشان) ئەم ئایەتە دابەزی: {ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَـٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ}

لە ئەبی مەسعود عوقبەی کوڕی عەمروی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک ئایەتی خێرکردن دابەزی؛ کۆڵەبارمان لەسەر پشتمان هەڵدەگرت، پیاوێک هات وشتێکی زۆری کردە خێر، ووتیان: بۆ ڕیایە، وپیاوێکی دیکە هات وهێندەی مشتێکی هەردوو دەستی کردە خێر، ووتیان: خوای گەورە پێویستی بەم مشتە نییە !! (پاشان) ئەم ئایەتە دابەزی: {ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَـٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ} [التوبة: 79] واتە: {ئەو کەسانەی کە تانە وتەشەر دەدەن لەو باوەڕدارانەی جگە لە زەکات ماڵ وسامانیان دەبەخشن وە (تانە وتەشەر دەدەن) لەوانەی کەتەنها کەمێکیان هەیە بە زەحمەت پەیدایان کردووە}».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبو مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (کاتێک ئایەتی خێرکردن دابەزی): واتا ئەو ئایەتە دابەزی کە فەرمان وئامۆژگاریکردنی بە خێرکردن تێدایە، وەکو ئەوەیە ئاماژە بۆ ئەم ئایەتە بکات، خوای گەورە دەفەرموێت: {خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۝ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ} [التوبة: 103] واتە: {وەربگرە لەماڵ و داراییان (زەکات و سەدەقە) تا بەهۆیەوە پاکیان بکەیتەوە (لە گوناهـ و تاوان) و (دڵیان) خاوێن دەکەیت بەو ماڵ بەخشینە ودوعا ونزای خێریان بۆ بکە بەڕاستی دوعای تۆ ئارامی ودڵ خۆشیە بۆ ئەوان وە خوا بیسەر و زانایە}، هاوەڵان بەپەلە خێرا بوون لە هێنانی خێرەکان بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، هەرکەسێک بە پێی توانا خێر دەهێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پیاوێک خێرێکی زۆری هێنا، وپیاوێکی تر کەمی هێنا، ئەگەر کەسێک خێرێکی زۆری بهێنایە مونافیقەکان دەیانووت: ئەمە بۆ ڕیایی هێناویەتی، مەبەستی خودا نییە لەم خێرەدا. وئەگەر کەسێک خێرێکی کەمی بهێنایە دەیانووت: خودا پێویستی بەم خێرە نییە، پیاوێک هات وهێندەی مشتێکی هەردوو دەست خێری هێنا، مونافیقەکان ووتیان: خودا پێویستی بەم خێرەی تۆ نییە. بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَـٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ} [التوبة: 79] واتە: {ئەو کەسانەی کە تانە وتەشەر دەدەن لەو باوەڕدارانەی جگە لە زەکات ماڵ وسامانیان دەبەخشن وە (تانە وتەشەر دەدەن) لەوانەی کە تەنها کەمێکیان هەیە بە زەحمەت پەیدایان کردووە}، واتا مونافیقەکان عەیبە وکەموکورتی لەو کەسە دەردەکەن کە خێر دەکات وگاڵتە بەوانە دەکەن کە تەنها هێندەی توانای خۆیان دەتوانن خێر بکەن، بۆیە تانە وتەشەر لە هەردوو کۆمەڵەکە دەدەن، وخوای گەورە سەبارەت بەو مونافیقانە دەفەرموێت: {فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ} [التوبة: 79] واتە: {هەر گاڵتەشیان پێدەکەن خوا گاڵتە بەوان دەکات (لەبەرامبەر گاڵتەی ئەواندا) و سزای سەخت بۆ ئەوانە}، ئەوان گاڵتەیان بە ئیمانداران کرد، بۆیە خوای گەورە گاڵتەی بە ئەو مونافیقانە کرد، پەنا بە خودا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4245